# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بەرجەستەکردنی ڕەهەندەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا

**ID No.1067**

(PP 66 -86)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.5**

**ارشد خلیل اسعد**
بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر
Arshad.asaad@su.edu.krd

**نەزاکەت حسێن حمە سەعید**
بەشی ڕاگەیاندن،کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی
Nazakat_72@yahoo.com

**ئاراز رمضان احمد**
بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن،سەرۆکایەتی زانکۆ،زانکۆی ڕاپەڕین
araz.ahmad85@uor.edu.krd

**الاستلام:2023/03/15**

**القبول :2023/04/16**

**النـــشر:2023/12/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دەکۆڵێتەوە لەبونیاتنانی رۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی کە فۆڕمێکی نوێ و کاریگەرە لەسەر بەرژەوەندی گشتی و ئادابی گشتی و چاکەی گشتی و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی هەیە.

ئەم توێژینەوە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕەهەندە گرنگەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی دەکۆڵێتەوە، لەوانە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئێتیك و پرۆفیشناڵبون. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفییە) کە تیایدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوەی لایەنی شیکاری بریتییە لە بابەتەکانی بنکۆڵکاری لە کەناڵەکانی ئاسمانی (کوردستان ٢٤ و ئێن ئارتی) و پێگەکانی ئەلیکترۆنی (دیپلۆماتیک مەگەزین و بوار نیوز و نێریج و کەرکووك ناو)، کۆی گشتی ئەو بابەتە بنکۆڵکاریانەی لە هەر شەش دامەزراوەی ڕاگەیاندن شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە (101) بابەتی بنکۆڵکارییە.

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە دەریخستوە،دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی نموونەی توێژینەوەکە لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری ئامانجی خۆیان دیاریکردووە، و تاڕادەیەکی باش و بە ڕێژەی جیاواز کاریان بۆ بەدەستهێنانی کردووە، بە ئامانجیش کاریان لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی کردووە.

**کلیلە وشەکان:** ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، بەرجەستەکردن و ڕەهەندەکان، هەرێمی کوردستان.

## 1- پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەم هەوڵە زانستییە دێت، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئەم شێوازەی ڕاگەیاندن لە گەیاندنی زانیاری و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان سەبارەت بە پرسە گرنگ و هەنووکەییەکانی ناو کۆمەڵگە، هەروەها ڕۆڵی لە بەرجەستەکردنی ڕەهەندەکانی بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری سەرباری ئەو تەمەنەی هەیەتی کە نزیکی سەدەیەکە بەپێی ئەنجامی توێژیوەکانی پێشوو،توانیویەتیی پێگەیەکی بەرچاو بۆ خۆی داگیر بکات، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کراوە و دیموکراتن و خاوەن سەقامگیریی سیاسین و زەمینەیەکی یاسایی تۆکمەیان هەیە، بەوپێیەی ئەم چەشنەی ڕاگەیاندن بەدوای دەستخستن و ئاشکراکردنی ئەو زانیاری و ڕاستییانە دەگەڕێت کە لەلایەن کەس و گروپە بەرژەوەندیخوازە جیاجیاکان یان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە؛ هەوڵی شاردنەوەی دەدرێت.

بۆیە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری کار دەکات بۆ چەسپاندنی شەفافییەت و فەرمانڕەوایی بەرپرسیار و کەمکردنەوەی گەندەڵی، بەو کارەشیان ڕووبەڕووی دەسەڵات و دەسترۆیشتووەکان دەبنەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی ڕێژەی بەئامانجگرتن و ڕێگەگرتن لەم چەشنەی کاری ڕاگەیاندنە بەرزە، چونکە لە کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، بەرژوەندیی گشتی پێش هەموو

بەرژوەندییەکانی تر دێت. ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی بە دژ و نەیاری ئەو لایەنە تاریکەی ڕاگەیاندن دادەنرێت، کە هەواڵی ساختە، پروپاگەندە، سانسۆر و دزیی تێدایە، بۆیە لە هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەو پەراوێزەی دیموکراسی و فرەیی سیاسی و میدیایی و ئازادیە ڕاگەیاندنەی هەیە، هەست بەوە دەکرێت ئەم جۆرەی کاری ڕاگەیاندن؛ ئێستا لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانەوە ئاوڕی لێدەدرێتەوە و درك بە بایەخ و تایبەتمەندییەکانی دەکرێت.

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانی بەرژوەندیی گشتی، جیاواز لە شێواز و ژانرەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، کار لەسەر ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و ساغکردنەوەی گومان و گریمانەکان دەکەن، ئەمەش تەنها لەڕێگەی دەستخستنی زانیاریی ڕاست و دروست دەبێت، دوور لە حوکمدانی پێشوەخت یان تێکەڵکردنی زانیاری و ڕاوبۆچوونی کەسەکان، لەبەر ئەوەشە دەبێت بوترێت؛ لەو ژینگەیەدا زیاتر گەشە دەکات، کە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربرین و ئازادی مافی بەدەستهێنانی زانیاری تێدایە، لە چوارچێوەی مافە دەستوورییەکانی تاك.

لە کوردستاندا ئەو ژینگەیەی هەیە بۆ کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی زانستی لە پێشووتر کراوە بە لەبەردەستی ئێمەن، لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم شێوازە ڕاگەیاندنە، لە ئاستی چاوەڕوانیدا نییە. لە ئاستی چاوەڕوانیدا نییە. هێشتا بەربەستی زۆری لەبەردەمدایە و پێویستی بە کۆششی بەردەوامە لەسەر ئاستی پیشەیی، هەروەها لەسەر ئاستی زانستیش؛ دەبێت لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە، تیشکی زیاتر بخرێتە سەر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە: (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بەرجەستەکردنی ڕەهەندەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی)، ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی بابەتەنەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری پراکتیزە کراوە، کە یەکێکە لە شێوازە گرنگ و بایەخدارەکانی ڕاگەیاندن ، هەروەك چۆن توێژینەوەکە هەوڵێکی زانستیە بۆ زانینی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕادەی پابەندبونی دامەزراوەکانی، بە بابەتی بنکۆڵکاری لە پێناو بەرجەستەکردنی ڕەهەندەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

**2- چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:**

**2-1- کێشەی توێژینەوە:**

دوای سەرهەڵدان و گەشەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، توانیویەتی پێگەیەکی بەرچاو بۆ خۆی داگیر بکات، ئێستا بەشێکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان کار بەم شێوازە ڕاگەیاندنە دەکەن، بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە بابەت و ڕووداوەکانی کوردستان، ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری فۆرمێکی زیندوو و نوێیە، لەگەڵ فراوانبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەرەو تایبەتمەندبوونی فۆرمەکانی راگەیاندن، ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاریش گەشەی کردووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
لەو ڕوانگەیەوە کیشەی ئەم توێژینەوەیە؛ لێکۆلینەوەیە لە دۆزینەوەی ئەو رۆڵەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان هەیەتی لە کارکردن بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژوەندیی گشتی.

بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناڕوونییەی هەیە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان کە ئایا بووەتە هۆی بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی، بۆیە هەوڵی دەرخستنی ڕۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بونیاتنانی رۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و سروشتی پەیوەندیی نێوانیان دراوە.

**2-2-** گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی ئەو ڕۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری هەیەتی، زۆرێك لە توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن دووپاتی دەکەنەوە و پێیانوایە؛ کە کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بە داهاتووی ڕۆژنامەوانیی زیندوو، سەرکەوتوو و کاریگەر دادەنرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە بەهای ئەو بابەتە دایە کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت لەسەر زانینی ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و گرنگ کە ژینگەی ڕاگەیاندنی کوردی، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرت و بەرنامە و ریپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەکان و دۆکیۆمێنتارییەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لەپێناو بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندی گشتی و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەو هەڕەشەیەی کە ئەو زانیارییە هەڵە و ساختانە ڕووبەڕوویان بووەتەوە و چۆنیەتی شکستپێهێنان و

سەرکەوتن بەسەریاندا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە بە هەند وەربگرین کە ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بەتایبەتی؛ وەك كەرەستەیەكی سەرەکی بەکاردەهێنن لە زۆرێك لە کارە جۆراوجۆرەکانیاندا.

**2-3- ئامانجەكانی توێژینەوە:**

1. دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
2. زانینی پەیوەندی و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی پرۆفێشناڵ لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
3. خستنەڕووی ئاستی پشتبەستن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و ڕۆڵی لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
4. پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەوانی و پەیوەندی و ڕۆڵی لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

**2-4- پرسیارەكانی توێژینەوە:**

**بە مەبەستی زیاتر خستەڕوو و ڕوونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، ئەم پرسیانە دەخەینەڕوو**:

1. ئایا ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری پەیوەندی و ڕۆڵی بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی هەیە لە هەرێمی کوردستان؟
2. ئایا ڕۆژنامەوانیی پرۆفێشناڵ پەیوەندی و ڕۆڵی بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی هەیە لە هەرێمی کوردستان؟
3. تا چەند ئاستی پشتبەستن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پەیوەندی و ڕۆڵی هەیە بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان؟
4. ئایا پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەوانی پەیوەندی و ڕۆڵی هەیە بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان؟

**2-5- جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی (وەسفییە) كە تیایدا میتۆدی شیكردنەوەی ناوەڕۆك بەكارهاتووە، كە ڕێکاری لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی مەبەستدار بۆ زانینی بابەتەکانی نمونەی توێژینەوەکە، ئەم میتۆدە گونجاوە بۆ بابەتی ئەم توێژینەوە بەوپێیەی یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆڵ و بەشدارییەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە گەیاندنی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی، پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژوەندیی گشتی لەلایەکەی ترەوە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لەپەیڕەوکردنی بنەماکانی کاری ئێتیکی ڕۆژنامەوانی لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی، ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری ڕۆڵی هەیە لە پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵ بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی، بۆ دیاریکردنی ئاست و جۆری ئەو کاریگەرییەی بەو هۆیەوە بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی و جەماوەر دروستیکردووە.

**2-6- كۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە:**

**لایەنی شیكردنەوەی ناوەڕۆك:** بریتییە؛ لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە لە هەرێمی کوردستان بانگەشەی کاری بنکۆڵکاری دەکەن یاخود دۆسیە و بەرنامەی بابەت و گۆشەی تایبەیان بۆ شێوازی کاری بنکۆڵکاری تەرخانکردووە، ئەوانیش پێکدێت لە کەناڵەکانی ئاسمانی (کوردستان ٢٤ و ئین ئارتی) و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (دیپلۆماتیک مەگەزین و بوار نیوز و نێریج و کەرکووك ناو). وەك نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکانی بنکۆڵکاری وەك نموونەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەستیاریی بابەتەکانی بنکۆڵکاری بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان، ڕادەی جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئێتیکی، کارکردن بۆ پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵ، لەخۆگرتنیان بۆ ڕەهەندی ململانێ و بەریەککەوتن و بەرژەوەندیی گشتی، کە بەرپرسیارێتیی

ئێتیکی و یاسایی، پشەیی و پرۆفێشناڵی ڕۆژنامەوان، لە شێوازە کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری زیاترە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی ڕاگەیاندنی کلاسیك.

لەم توێژینەوەیەدا سامپڵێکی مەبەستدار (العینة العمدیة - purposive sample)، کۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگیراوە، کۆی گشتی ئەو بابەتە بنکۆڵکاریانەی لە هەر شەش دامەزراوەی ڕاگەیاندن شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتەڕوو.

خشتەی (1) نموونەی توێژینەوەکە

| ژ | دامەزراوی ڕاگەیاندن | ژمارە | ماوە | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەناڵی ئین ئارتی | 6 بەرنامە | هەمووی لەسەرەتا تا کۆتایی | %5.94 |
| 2 | ماڵپەڕی کەرکوك ناو | 28 ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ | هەمووی لەسەرەتا تا کۆتایی | %27.72 |
| 3 | ماڵپەڕی تۆڕی (نیریج) | 5 ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ | هەمووی لەسەرەتا تا کۆتایی | %4.95 |
| 4 | کەناڵی کوردستان24 | 30 بەرنامە | 2021/1/1 تا 2022/12/31 | %29.71 |
| 5 | ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین | 24 بەرنامە | هەمووی لەسەرەتا تا کۆتایی | %23.76 |
| 6 | ماڵپەڕی بوارنیوز | 8 ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ | هەمووی لەسەرەتا تا کۆتایی | %7.92 |
| کۆی گشتی | | 101 | هەمووی لەسەرەتا تا کۆتایی | %100 |

3- توێژینەوەکانی پێشوو:

3-1- ڤیان جاسم مووسا، توێژینەوەیەکی هەیە بە ناونیشانی (دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا)، (توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بە نموونە) لە زانکۆی سلێمانی، لە ساڵی (2022) ئەنجامی داوە، (1).

لەڕووی جۆرەوە ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکان دادەنرێت، پشت بە میتۆدی، رووپێوی (مسح) بەستراوە کە لەبواری ڕاگەیاندن زۆرتر بەکاردەهێنرێت، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لە کۆی رۆژنامەنووسانی میدیای کوردی، کە ژمارەیان بە گشتی (٦٥٤٦) رۆژنامەنووسە بە جیاوازی دامەزراوە میدیاییەکان، گەرچی لەبارەی )نموونە(ی توێژینەوەکە کە بەشێوەی (نموونەی مەبەستدار)، کە تێیاندا (٣٢٧) رۆژنامەنووس بەڕێژەی (٢٠%) کۆمەڵگەکە وەرگیراوە.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

أ. زانینی ئاستی لە باریی و گونجاوی ژینگەی هەرێمی کوردستان بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

ب. ڕوونکردنەوەی ڕادەی ئازادیی فەرهەمکراوە بۆ پیادەکردنی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

أ. ئاستی بەرەو پێشچونی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری لە سێبەری ئازادی فەراهەمکراو و ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەروەها بوونی دەرفەت بۆ برەوەدان بەکاری بنکۆڵکاری دروست لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە بەرزترین ئاستی پێوانەییدا لە ئاستێکی مامناوەندا خۆیان دەبیننەوە.

ب. سەربەخۆ نەبونی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان لە ڕووی داریی و دارشتنی سیاسەتی کارکردنی ناو دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان لە پێشەنگی ئاستەنگە خودییەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دادەنرێن.

3-2- بشرى دواد سبع، توێژینەوەیەکی هەیە بە ناونیشانی (أسالیب معالجة الاعلامیة للقضایا السیاسة في البرامج الاستقصائیة برنامج ماخفی أعظم من قناة الجزیرة انموذجا، مجلة العلوم الإنسانیة والاجتماعیة، المجلد3، العدد12، شبكة ISSNالدولیة بباریس)، لە ساڵی (2019)، ئەنجامی داوە، (2).

---

(1). ڤیان جاسم موسا، دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن،2022 .

تـوێژەر هەسـتاوە بە دیـاریکردنی کێشـەکانی تـوێژینەوەکەی لەڕێـگەی پرسـیارە سـەرەکییەکانی وەکـو: شـێوازەکانی چارەسـەری ڕاگەیاندنکاری بۆ کێشە سیاسیەکان چین لە پرۆگرامەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵـکاری؟ ئامـانجە گشـتیەکانی چـین؟، نووسـەر پشـتی بە میتۆدی ڕووماڵی و کەرەستەی شیکاری بەستووە، هەروەها ئەو نموونەی نووسەر وەریگرتووە پرۆگرامی (ما خفی العالم)ـی کەنـاڵی ئاسمانی جەزیرەیە.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

ئامـانجی سـەرەکیی توێژینەوەکـە، زانینـی شـێوازەکانی چارەسـەری راگەیانـدنکاری بـۆ کێشـە سیاسـیەکان چـین لە پرۆگرامەکـانی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

أ. لە دەرەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لایەنگیربکردنمان بۆ دەردەکەوێت بۆ لایەنێک لەمیانەی ڕووماڵکردنی کێشە سیاسییەکان.

ب. ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پرۆگرامە پشت بە شارەزای پسپۆر دەبەستێت وەکو سەرچاوەیەکی رۆژنامەوان

**4- تیۆرینامەی توێژینەوەکە:**

**1-4- چەمك و پێناسەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری:**

بنکۆڵکاری لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشە (بنکۆڵ + کردن) پێك دێت، لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە چەندین شێوە ماناکراوە، وەك: [*]بنکۆڵ ( بن+ کۆڵ) بکەن، بنکەن، بنکەندا، لەگەڵ چـاوگی (کـردن) دێـت ئـەم مانایانـە دەدات، هەڵکۆڵینی بنی دیوار بۆ پشکنین یان ڕووخاندن. وە هەڵکەندنی دەوروبەری رەز و دار و تووتن بۆ باشتر ئاو خواردنەوە (نانـەوازدە، 2005،ل216).

زاراوەی (بنکۆڵکاری) [*]یان بنکۆڵکردن ئاماژە بە چەندین لێکۆڵینەوە و مەسەلە دەکات: واتە تا کۆتایی چیرۆکەکە: ڕەهەند، ئەوپەڕی و دوورترین، واتە بەو لایەنانە دەوترێت: بە هەر داواکارییەک یەک بە یەک لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێـت و تەواوی ئەم مانایـانە دەری دەخەن کە لێکۆڵینەوەیەکە بە دوای شوێنەوارەکەدا دێت، چیرۆکی بنکۆڵکردنەکە پیشەیەکی دێرین بوو لە سـەردەمی جـاهیلی و سەردەمانی سەرەتای شارستانییەتی ئیسلامیدا،( یعقوب، 1998، ص1235).

ڕاگەیاندن بنکۆڵکاری لەناوچەکەدا بەردەوام کار بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیە شاراوە و شێواوە دەکات، بۆیە لێکۆڵینەوە بنکۆڵکارییەکان هەمیشە ڕاستی بابەتەکە دەخەنەڕوو (الحسن، 2012،ص29).

سەرەتا پێش ئەوەی باسی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵـکاری بکرێـت، پێویسـتە تێگەیشـتنێکی سـەرەتایی هەبێـت، لەسەر کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، وەك هەر بـوارێکیتری زانسـتە مرۆییـەکان، بە چەنـدین شـێوازی جیـاواز و جۆراوجـۆر پیناسـە کـراوە، لەلایـەن ئەکادیمییـەکانی بوارەکـە و ڕێکخراوەکـانی تایبـەت بـە بنکۆڵـکاری، ڕۆژنامەنووسـان، ئـەو پسـپۆر و شـارەزایانەی ویستوویانە پێناسە و چەمکی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە زادەی هزری خۆیان بخەنەڕوو، گەلێکن؛ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر لە چەمك و پێناسەی بنکۆڵکاری بگەین:

---

(2). بشری داود سبع، شـێوازەکانی مـامەڵەکردنی میـدیایی لەگەڵ پرسـە سیاسـییەکان لە بەرنامەکـانی بنکۆلکـاری توێژینەوەیـە، گۆڤـاری زانسـتە مرۆڤاتییەکان و کۆمەڵایەتی، بەرگی 3، ژمارە 12، 2019 .

(*) بنکۆڵکاری لە فەرهەنگی زمانی کوریبدا نوێیە، وەکچۆن جۆری ڕاگەیاندنەکە بۆ خۆی شێوازێکی نوێیە لە دنیای ڕاگەیاندندا، بە هۆیەشەوەیە هەندێکجار وشەیتر لە بەرامبەر بەکاردێت وەك ( بەدواداچوون و لێکۆلێنەوەی ڕۆژنامەوانی، کنەوپشـکنین، کۆڵێنکـاری و لێکـۆڵین...... هتـد )، بـەڵام لـە ئیسـتادا زۆرینـە ڕاگەیاندنەکانی کوردی و ڕۆژنامەنووسـانی هـەرێمی کوردسـتان، (بنکۆڵکـاری) بـەکاردەهێنن، بۆیـە دەتوانرێـت وشـەکە تاڕادەیـەك لـە فەرهـەنگی ڕاگەیانـدن چەسپاوە.

(*) چەمکی بنکۆڵکاری، ( الاستقصاء) لە زمانی عەرەبییدا، بەم شێوازانە هاتووە (من التقصي وقصا عنـة قصـواً، واقصي: بعـد والقـاصي البعيـد والجمـع إقصاء، والقصوى الغاية البعيدة، ويقال نزلنا منزلآ لا تقصيه الإبل اي لا تبلغ أقصاه تقصيت الأمر واستقصيته واستقصى فلان في المسألة، وتعال: نقاصهم أي: طلبهم واحداً واحداً.

تاڕادەیەك پێناسە و ناساندنەكان دەچنە یەك چوارچێوەوە، وەك نووسەری كتێبی (Global Investigative Journalism) باسی لێوە دەكات، پێناسەكانی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری جیاوازن، ئەگەرچی لە نێوان گروپە پیشەییەكانی ڕۆژنامەنووسی بنكۆڵكاری ڕێكەوتنی فراوان هەیە لە پێكهاتەی سەرەكی: سیستماتیك و قوڵ، توێژینەوەی بنەڕەتی و ڕێكخستن، هەروەها زۆربەی كات لە ئاشكراكردنی نهێنییەكان و كەسانی نێوەگلاو، هەندێكی تر تێبینی ئەوە دەكەن، كە كردارەكەی زۆرجار بە بەكارهێنانی زۆری سەرچاوە و جەختكردنەوەیە لەسەر دادپەروەری كۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی و بەرژەوەندیی گشتی(Kaplan,2013,p10).

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی هەڵدەستێت بە ئاشكراكردنی هەموو كارە هەڵەكان و مەبەستی دەستكەوتنی زانیارییە، بۆ ئەوەی بیخاتە پێش چاوی هاووڵاتی و لایەنی پەیوەندیدار. ئەمەش لەپێناو بە سزا گەیاندنی تاوانباران و سەرپێچیكاران لەو مەسەلانەدا و چارەسەركردنی هەڵەكان. ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری، شێوەیەكە لە شێوەكانی هونەری ڕۆژنامەوانی كە پشت بە لێكۆڵینەوە دەبەستێت. بەمەبەستی بنكۆڵكاریكردن دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو، جا چ مەسەلەی سیاسی یان تاوانكارییكردن بێت، یان هەر سەرپێچیەک لەلایەن كۆمپانیاكانەوە بێت (الدليمی، 2015،ص24).

### 4-2- ڕەگەز و پێكهاتەكانی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری:

كاری ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری بە توێژینەوەیەكی درێژ و قووڵەوە دیاری دەكرێت، كە بۆ ماوەی چەند مانگ و چەند ساڵێک لەسەر یەک بابەت، ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری هونەرێكی زۆر قووڵە و لە ئاستێكی بەرزدایە لەناو شێوازەكانی كاری ڕاگەیاندن، لێهاتوویی و توانای ڕۆژنامەوانی تێدا بە دەردەكەوێت، بۆ چەسپاندنی دروستی كارەكەی لەرووی زانستی، لەسەر ئەم بنەمایە ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری چەند ڕەگەز و پێكهاتەیەكی بنەڕەتی هەیە، **كە ئەمر خاڵانەی خوارەوەن:** (نوح، 2017،ص54).

1- **ڕاپۆرتێكی ڕەسەن، سیستماتیک و قووڵ**: ڕۆژنامەنووسی بنكۆڵكار كات دەبات و بەشێوەیەكی ڕێكوپێک و سیستماتیک دەیفرێنێتە ناو شتێكەوە بۆ ئەوەی باش تێبگات كە لە جیهاندا ڕوودەدات و دواتر كارەكە وەک قووڵایی ڕەسەن و داهێنەرانە دەبێت.

2- **گریمانەیەک دروست بكە**: ڕۆژنامەنووسی بنكۆڵكاری باش وەک داواكاری گشتی بەڕێز یان لێكۆڵەری پۆلیسی شارەزا بیر دەكەنەوە. گریمانەیەک دەكەن سەبارەت بەوەی كە چی دەكەن و میتۆدێكی زانستی بەكاردێنن و تیۆرییەكە پەرە پێ دەدەن و ئەو ڕاستییانە دەدۆزنەوە كە پشتگیری دەكەن، یەكێكە لە سەختترین بەشەكانی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری (الحمدانی، 2012،ص28).

3- **شیكردنەوەی دۆكیۆمێنتەكان و داتا گشتییەكان**: ڕەگەزی سێیەمی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری بریتییە لە بەكارهێنانی چەندین تۆمار و زانیاری گشتی و ڕۆژنامەنووسانی بنكۆڵكار زۆرجار زۆر باس لە بەدواداچوونی ئەو ڕێگایانە و ڕێڕەوی خەڵک و دامەزراوەی كۆمەک و بەرپرسیارێتی دەكەن ئەوان ئەو كارە لەڕێگەی كاغەزی ئەنجامر دەدەن، هەر ئەوەی كە دەتوانن تۆمارە گشتییەكان كۆ بكەنەوە، دزە بە دۆكیۆمێنتەكان و داتاكان دەكەن و شیياندەكەنەوە بۆ شوێنكەوتنی ڕێگەكان.

4- **ئاشكراكردنی مەسەلەكان لە بەرژەوەندیی گشتی كە نهێنی بن یان شاراوە بن**: ڕۆژنامەنووسانی بنكۆڵكاری زۆرجار مامەڵە لەگەڵ زانیارییە پۆلێنكراوەكاندا دەكەن و لەگەڵ ئەو شتانەدا كە بەرپرسانی دەسەڵات نایانەوێت ئاشكرایان بكەن، چونكە بەكارهێنان لە پێگەیان دەسەڵاتی خۆیان لە كۆمەڵگا نیشاندەدەن، دۆزینەوەی ئەمر جۆرە شتانە و خستنەڕووی بۆ ڕای گشتی بەشێكە لە كاری ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری (غيشان، 2013،ص59).

5- **سەرنجێک لەسەر دادپەروەری و بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی**: زۆر لەو بانگەشانە لە پیشەی بنكۆڵكاری ڕاگەیاندندا هەیە بەرامبەر بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی ئەركی ئەوە ئەوەیە كە كۆمپانیا و دامەزراوەكان و خەڵک بەرپرسیار بێت، كە ڕۆژنامەنووسانی بنكۆڵكاری باوەڕیان بەشێوەیەك لە ڕاستكردنەوەی هەڵەكان هەیە (الانصاری، 2021،ص50).

6- **دەرخستنی تواناكانی گروپی**: كارەكە لێهاتوویی و ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری بۆ كۆكردنەوەی بەڵگە و بینرا و بیستراو و پیشاندانی بەشێوازێكی نایاب و سەرنجڕاكێش (نوح، 2015، ل17).

### 4-3- ئامانجەكانی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری:

چەند ئامانجێكی سەرەكی بۆ ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری دیاریكراوە، كە هەموویان دەچێتە خانەی ئامانجێكی بنەڕەتییەكەوە، ئەویش خۆی لە خزمەتكردنی بەرژەوەندەیی گشتی دەبینێتەوە: (صادق، 2018، ص25).

1- ئاشکراکردنی ئەو پێشێلکاریانەی کە تاکەکان یان دامەزراوە فەرمییەکان یان مەدەنییەکان یاخوود کۆمپانیاکـان پـەیڕەوەی دەکـەن، لە بەرامبەر بە یاسا و ڕێساکان یان پێوەرە ئیتیکییەکاندا ئەنجامیان دەدەن.

2- هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەتـەکان و کۆمپانیاکـان، ڕێکخراوەکـان، ئەوانـەی دەسـتیان دەرواتی و بەرپرسـن (نـوح، سـەرچاوەی پێشوو، ص11) .

3- سەرنجڕاکیشان بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، سیاسی و کەلتورریـەکانی نـاو کۆمەڵگەکانـدا هاتووە.

4- بەرپرسان لە پێشێلکارییەکان یان کەموکورییەکانی ناو سیستمەکان ڕادەستی لێپرسینەوە بکرێن

هەرکاتێك لەو شوێنەی کە گەندەڵی زیادیکردووە، تێیدا بازرگانان لەگەڵ سیاسەتمەداراندا هاوپـەیمانن، ئـەرك و گرنگـی و ئامـانجی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری زیاد دەبێت، بۆ ئەوەی زیادەڕۆییەکان و جۆمگەکانی کەموکوری و مومارەسەکانی هەڵەکان ئاشکرا بکـەن، بـۆ سوودی بەرژەوەندیی گشتی.

**4-4- ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و پێوەر و بەها ئیتیکییەکان:**

ئیتیکی ڕاگەیاندن بەشـێوەکی گشـتی بەنـدە بە داب ونەریـت و هەڵسـوکەوتی ڕاگەیانـدنەکانەوە، زۆر لە لێکـۆڵەرانی نێـودەوڵەتی ڕووماڵە بنکۆڵکارییەکـانی ڕاگەیانـدن دەبەسـتنەوە بە کۆمەڵێـک پێـوەر و بەهـای ڕەوشـتییەوە، بـۆ نمـوونە: زۆجـار ڕۆژنامـەنووس هەڵدەستێت بە بنکۆڵکاریکردنی بابەتێک پێدانی زانیاریی تەواو لەسەر بـابەتەکە بەبـێ ئەوەی نـاوی سـەرچاوەکەی بڵێـت و ئامـاژەی پێبـدات، بەڵام کاتێـک سـەرچاوەکەی ئاشـکرا دەکرێـت، گوتـاری ڕاگەیاندنەکـە بەبـێ وەڵام دەمێنێـتەوە زۆرجـار رۆژنـامەنووس، بەندکردنی پێ باشترە لەوەی ناسنامەی سەرچاوەکەی ئاشکرا بکات (قریعی، 2018، ص27) .

ڕێبەری ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکارانی پەیمانگەی ئەمیریکی لە بەیروت باس لە لایەنە ڕەوشتییەکانی ڕاگەیانـدنی بنکۆڵـکاری و چـۆنیەتی پابەندبوون پێیانەوە دەکات، چەندین پێوەری سـەرەکی و بەهـای ڕەوشـتی هەیە کە پێویسـتە ڕۆژنامەوانـان بیگـرنەبەر لەکـاتی کـارە ڕۆژنامەوانییەکانیان، بەتایبەت لەکاتی کارکردن لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لەوانە: (ایناس و محرز،2016، ص29) .

1- وردبینی
2- نەرمونیانی بەوەی بڕیار لەسەر بەرامبەر نەدات بە ڕاستبوون و هەڵەبوون.
3- ڕوونی و ئاشکرایی.
4- ڕۆچوون بەناو وردەکاریی و ژمارەکان.
5- بەدواداچوون بۆ بابەتەکە.
6- پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بەتایبەتی ناوی کەس و شوێنەکان لەکاتی ئامادەکردنی بابەتەکە.
7- ئاگالێبوون بە لانەدان.
8- زێدەڕۆیی نەکردن.
9- گرنگیدان بە گوتەی کەسەکان.
10- نەبوون بە لایەنێک و پشتگیرینەکردنی بۆ هەردوولا (السعافین، 2011، ص146) .

تۆڕی(أریج) بۆ ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، پێـنج بنەمـای ڕەوشـتی دیـاریکردووە بـۆ ڕاگەیانـدنی بنکۆڵکـاری لەوانەش: (هنـترو فـودة..، 2017، ص204) . 1- ڕاستگۆی 2- دەستپاکی 3 - دەرنەختنی کەسایەتی بەوەی کە ڕۆژنامەنووس نییە.
4- پـارە نەدان بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری. 5- وێـنە نەگـرتن و تۆمـارنەکردنی هـیچ دەنـگ و زانیـارییەک و سـیخوڕی نەکـردن بـۆ بەدەستهێنانی زانیاری(مروة، 2014، ص93) .

**5-4- کاریگەری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لەسەر بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی:**

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێـت، لە کۆمەڵگـایەکی دیموکراسـیدا، بنکۆڵکـاری تەنیـا سـەرچاوەی هەواڵ نیـیە بەڵکـو ئاماژەیەکە بۆ زانیاری ورد و قوول، لەئێستادا ئامرازێک بۆ ڕەخنەی گشتی کاریگەریی زۆری لەسەر دروستکردنی ڕای گشـتی هەیە و

ئەمەش بۆ دامەزراوەی ڕاگەیاندن و ستافەکەی گرنگی تایبەتی بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی هەیە( Nisar,2021 ,p29) .

**یەکەم: کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لەسەر بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو:** (George,2012,p6).

1- کاریگەری لەرێگەی ئامانجە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە یارمەتی خەڵک بدات بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان، بابەتی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بەشێوەیەکی ڕۆژانە و هەفتانە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە و ئەم شێوازە راگەیاندنە گونجاو بێت بۆ خوێنەرانی لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەیی و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەمشێوەیە ڕێگە بە چین و توێژەکان بدرێت لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی.

2- یەکێکیتر لە کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، خزمەتکردنی هاوولاتیيانە بەهۆی توانای بڵاوکردنەوەی بێسنووری پرۆگرام و کاریگەری و زیادبوونی بایەخدان بە ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاری، هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی بەرژەوەندیی ئابووری و گشتی لەسەر ئاستی جیهانی جێی سەرنجە، ڕۆژنامەنووسێکی باش شێوازی خۆی دەبێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی.

3- ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی بە کۆمەڵگە لە دونیای مۆدێرندا و ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریش هەوڵدەدات خوێنەر ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە لە کۆمەڵگە و دەوڵەت و جیهان بەگشتی بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕوودەدەن، سوود و زیانەکانی بۆ بەژەوەندیی گشتی چیە(Aveek,2021,p93).

- **کاریگەری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لەسەر ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی**

پۆلێنکردنەکانیتر ئەرکی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە کرداره گرنگەکانەوە دەردەخات کە لەلایەن کۆمەڵگەوە ئەنجام دەدرێت و دەتواندرێت دیاری بکرێت لەگەڵ ئەمانەی خوارەوە: (نوح، سەرچاوەی پێشوو، ص15).

**1- ئەرکی چاودێری:** ئەم ئەرکە درێژکراوەی چەمکی دەسەڵاتی چوارەمە[(*)]، وەک ڕاگەیاندن بەدوایدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ببێتە چاودێرێکی سەردەمی و دەرهاویشتەکانی ناو کۆمەڵگە، لەوانە چاودێریکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگە، لێرەدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری وەک پاسەوانێکی هۆشیار وەسف دەکرێت، کە وەک پاسەوان و پاسەوانێک بەرامبەر بە پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتی فەرمی، وەك چاودێر و پاسەوانێکی هۆشیار کار دەکات لە بەرامبەر هەر خراپ بەکارهێنانێکی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی لە لادان و گەندەڵی، لە ڕێی تیشك خستنەسەر مەسەلە و ڕووداوەکان، ڕاستکردنەوەی ئەدای کاری حکومەت(السنجري، 2015، ص40).

**2- ئەرکی پاسەوانی:** ئەم ئەرکە بەو مانایە دێت کە ڕاگەیاندن، تەنیا دەزگە کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵگە دەپارێزێت و توونـدترە، زیاتر جەخت لەسەر خانە و پێکهاتە بچووکەکان دەکاتەوە، کە دێنە ناو کۆمەڵگەوە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی (سالح، 2012، ل29).

**3- ئەرکی ڕێبەرایەتیکردن:** ئەم ئەرکە بەو مانایە دێت کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری وەک ڕێبەرێک یان ڕێنوێنێک کار دەکات، ڕۆڵی رابەڕ و ڕێنیشاندەرێك دەبینێت، کە کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە سیاسەت و سیاسییەکان بۆ هاووڵاتییان دابین دەکات کە پێویستە بڕیاری خۆیان بدەن و سەرکردەکانیان هەڵبسەنگێنن بۆ دروستکردنی بڕیارێك لە سوودی بەرژەوەندیی گشتی (الحسن، 2012، ص29).

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دەتوانن ئاماژە بە هەر بوارێکی ژیان بکات، بەڵام دوو جۆری فراوان هەن کە بەتایبەتی بەڵێن دەدەن بە ئەنجامە پڕ بەرهەمەکان؛ ئەو ڕێکخراوانەی لە شوێنە دوورەکان و دوور لە چاوی جەماوەر و کەسایەتییە نەناسراوەکان کار دەکەن، کە لەناکاو لە ڕووناکی دەردەکەون و چیرۆک و ئەفسانە فراوان دەکەن، ئەمانە دەتوان: ئەرکی سەرکردە و وورووژاندنی پرسە گشتییەکان، بنکۆڵکردن و وەرگرتنی وەڵامە نهێنییەکان ببینن بۆ بەرژەوەندیی گشتی (الربيعى،2016، ص54).

بەڕای توێژەر گرنگییەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکار بۆ ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی لە ژماردن نایەن و ئەم جۆرە راگەیاندنە بە تەکنەلۆژیا نەبەستراوەتەوە، چونکە ڕۆژنامەنووسان ئەو تەکنیک و پرەنسیپ و ئامانجانەی لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری

(*). دەسەڵاتی چوارەم: بە مانای راگەیاندنە، کە لە دوای هەر سێ دەسەڵاتی، یاسادانان و جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەر دێت، لە کۆمەڵگا و وڵاتە دیموکراتییەکان.

بەکاری دەهێنن، بە کاردانەوەیەکی گرنگتری ڕاگەیاندنی کلاسیکە لە ژیانی خەڵکدا پێناسە دەکرێت، چونکە هەمیشە کارەکانی بنکۆڵکاری لەپێناو بەرژەوەندی گشتییە.

**4-6- پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی:**

هەمیشە بەرژەوەندی گشتی لەناو بابەتی بنکۆڵکاری ڕەنگ دەداتەوە، ئامانجی ئەمەش لادانی پەردەیە لەسەر هەندێک بابەتی نادیار بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە لە ناوەڕۆکدا تایبەتن بە بەرژەوەندی گشتییەوە ئامانجیان خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکەیە، بەرژەوەندی گشتی لە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریدا خزمەت بە تاک بەتاکی کۆمەڵگە دەکات، ئەمەش بە ڕۆشنایی خستنە سەر چالاکیە نەخوازراوەکان جا تایبەت بێت یاخود گشتی، هەروەها دەرخستنی و ئاشکراکردنی بەرپرسیارێتی ڕووداوەکان( Guo and Lai,2014,p3).

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری چەندین تایبەتمەندی و دیاردەی هەیە ئەوانیش ترسناکی و زۆری تێچوونە، ترس: لەبەرئەوەی زۆرجار ڕۆژنامەوانان دەبێتە هۆی بێزارکردنی دەسەڵات و هێزو لەبەرژەوەندی کەسی بەهێز دەدا لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قسە دەکات و بابەتەکان ڕووماڵ دەکات، لەکاتی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاری یاخود باسکردنی چیرۆکێکی شاراوە بووبێت لای هاوڵاتیان، بەڵام لەلایەکی ترەوە دیاردەیەی دیکە سەرهەڵدەدات ئەویش تێچووی داراییە بۆ دامەزراوەکەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسەکە، بەشێوەیەک ئەو ڕاپۆرتانەی دروستی دەکان ئەگەر بەشێوەیەکی پرۆفیشاڵانە بێت و ئامانجی داهێنان بێت ئەوا تێچوویەکی باشی دەوێت، چونکە هەندێک کات بابەتەکانی پێویستی بە بەڵگە و گەشتکردنە، توێژینەوەی زانستی و چاوپێکەوتنی کەسانە(Darko,2020,p2).

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن وای بۆ دەچن، بەرژەوەندی گشتی ڕۆژنامەوانی ئەو بابەتی ڕۆژنامەوانیە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە حکومەت و دەسەڵاتدارانی حکومی و، ئەو بابەتە سیاسیانەی کە لە ئارادان و لەم کاتەدا پیویستە پارت و لایەنە سیاسیەکان و چالاکیە حکومیەکان چاودێری بکرێن و ووردەکاری بۆ کارەکانیان بکرێت، لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بەمەش دەتوانین جیاوازی نێوان هەواڵی ئاسایی و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی ببینین بە شێوەیەکی بەرچاو بتوانین پۆلینیان بکەین، شێوازی ڕاگەیاندن بنکۆڵکاری و بەرژەوەندی گشتی جیا بکەینەوە لە هەواڵ و ڕاگەیاندنە ئاساییەکان، لەم کاتەدا نابێت سەلامەتی گیانی ڕۆژنامەنووسەکانمان لەبیر بچێت، کە دەبێت لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەچاوی ئەم خاڵە بکرێت(EFJ,2017,p23).

ئەم دوو دیاردەیە بۆ بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسەکە دەگۆڕێت لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە، ئەمەش بە گوێرەی ئەوەی کاراکتەرەکانی ناو بابەت و ڕووداوی بنکۆڵکاریەکە دەگۆڕێت زۆر جار فاکتەرێکی پۆزەتیڤ بە بەرژەوەندی گشتییەکە دەبەخشێت، لەگەڵ ئەمانەشدا نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری سودی زۆری بۆ ڕۆژنامەنووس دەبێت، هەر ڕۆژنامەنووسێک یان نووسەرێک سەرەڕای تێچوونە داراییەکەی بۆ کارەکەی، بەڵام کاتێک بابەتێکی بنکۆڵکاری ئەنجامدەدات سود و قازانجی دارایی دەکات، لە بەرامبەر هەر ئارتیکەڵێکە ئەنجامی دەدات و بڵاوی دەکاتەوە(Carson,2017,p1). بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی کەسی ڕۆژنامەنووس لەکاری ڕۆژنامەوانی ئەگەر شوێنی بەرژەوەندی گشتی بگرێتەوە، ئەوە بە لایەنێکی تاریکی ڕاگەیاندن دادەنرێت، کە بابەتەکانی ئەم دامەزراوە یاخود ئەم ڕۆژنامەنووسە هەواڵی ساختە یاخود پروپاگەندە و قسەی هەڵبەستراو لە خۆدەگرێت، واتە ئەو بەدەستهاتووانەی لە ئەنجامی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری بەدەست دێت، لە ئەنجامی کارێکی نەشیاودا بووە (Caplan,2007,p66). لەلایەکی ترەوە ئەم کارانە ڕۆژنامەنووس بەهەردوو ڕەگەزەوە دەگرێتەوە لە هەردوو کەرتی تایبەتی و حکومی(Iggers,1999,p26)، نابێت لێرەدا لایەنی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی گشتی لە بیر بکەین بە تایبەتی دوای ئەوەی پەیوەندی بە ئەلیکترۆنیەکان لە زۆربوون دایە و ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە لە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان(Frence, and agens,2019,p27).

**4-7- ئەرکی چاودێری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی:**

ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری خۆی لە چاودێریکردنی دەسەڵات و گەڕان بەدوای پێشێلکارییەکانی دەسەڵات گشتی و نەهێشتنی گەندەڵی و زیادکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە کاروبارە گشتیەکان لای جەماوەر و بەرژەوەندی گشتی دەبنێتەوە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دەتوانی وەك دەسەڵاتێك ئەرکی چاودێری ببینێت، بەم شێوەیەی خوارەوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات(للامم المتحدة،دیارنیە، ص15).

1- چاودێری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری هەوڵدانە بۆ پێشکەشکردی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە: بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی ئەم شێوازە ڕاگەیاندنە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەیە، بەردەوام ڕۆڵی هەبوو لە پاراستنی کۆمەڵگە لە گەندەڵی و لادانەکان بۆ

سودی بەرژەوەندی گشتی و دروستکردنی ڕایگشتی(محمدامین،،2022، ل22). ئەرکی بەرفراوانە و کۆمەڵێك بواری جیاواز وەك ( سیاسی و کارگێری، کۆمەڵایەتی و ئابووری) لە خۆدەگرێ(محێدین،2022، ل23).

2- چاودێری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری: سنورێکی دیاریکراو لە ڕووی پیشەی و یاسایی لە ڕیگای کاری بنکۆڵکاری بۆ کارەکانی لادان و نا دورستەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، کە پاڵنەرێتی بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی(تقي،2022، ص11).

3- ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری: یارمەتیدەرە لە گورینی سیاسەتی گشتی و بەجێهێنانی گەشەی بەرچاو دیار لە سەرجەم کەیەکان، لەوانە؛ رامیاری و ئابوری، کۆمەڵایەتی، گەندەڵی، کێشە و گرفتەکانی کە دەتوانن ببێتە جێگای سەرنج و گرنگپێدانی ڕایگشتی بۆ سودی بەرژەوەندی گشتی(الدليمي،2019، ص35).

4- ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار: دەبێت جەماوەری بێت واتە سەر بەدەسەلات و حزب و پێکهاتە و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوو تایبەت نەبێت، بەڵکو تەنها لەکارەکانی ئامانجی بەرژەوەندی گشتی بێت(الآزرقي،2019، ص125).

5- پەیرەوکردنی ئەرکی چاودێری لە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری:  واتە ئەم شێوازە ڕاگەیاندنە هەوڵدەدات ببێتە چاودێر بەسەر ئەو بابەتانەی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن(مولود،2022، ل17) ، بەمانای فەرهەمبوونی دەسەڵات چوارەم ، ئەوکاتەی دەسەڵاتی چوارەم بوونی دەبێت، ڕاگەیاندن بەگشتی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بەتایبەتی تەواوی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، بە تایبەتی ئەرکی چاودێرکاری کە شوناسی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی(ڕەسول،2016، ل65).

بە ڕای توێژەر؛ گەشەکردن و کارکردن لە چەند ڕوویەکەوە دەبێتە ڕێگە خۆشکەر تا ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتی چوارەم کارەکانی بکات و بناسرێت .

**5- لایەنی شیکاریی نمونەی توێژینەوەکە:**

**5-1- مێژووی سەرهەڵدانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، کە وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە:**

دامەزراوەی میدیایی نالیا (NRT) کەناڵێکی هەواڵیی سیاسییە و لەژێر ناونیشانی (بوێری و خێرایی و ڕاستگۆیی) لە 17 شوباتی2011دا دامەزراوە، وەك لەماڵپەڕەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە لەلایەن دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ناحزبیی سەربەخۆ لە کارنامە و ئایدۆلۆژیایەکی دیارییکراو؛ بەئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە میدیاییە دەرکەوتن و کەوتنە کارکردن، ئێن ئاڕ تی؛ ئامانجەکانی خۆی دیاری کردووە، ئەم دامەزراوە گەشەپێدانی ئەو ڕووخسارە میدیاییەیە کە میدیا لە کوردستان دەقی پێوە گرتووە و دەیەوێت ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ جیهانێکی نوێی کاری میدیایی لە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی (دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی، ڕەسول،2016 2022/8/31). دامەزراوەی (کەرکووك ناو) تەنیا دامەزراوەی میدیایی ئۆنلاینی سەربەخۆیە، وەك لەماڵپەڕەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە، لە مانگی نیسانی ساڵی (2011)دا دامەزراوە و بابەتەکانی بە هەر سێ زمانی بەربڵاوی پارێزگاکە کە ئەوانیش عەرەبی، کوردی و تورکمانین لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە، لە ئامانجەکانی خۆی دیاری کردووە، ئەم دامەزراوە کار دەکات بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی نوێی مێدیایی، کە لە هیچ دیدگایەک و ئەجێندایەکی بارگاوییکراو بە سیاسەت، ئایدیۆلۆژیا، ئایین، تائیفی، نەتەوەیی، ڕەگەزپەرستییەوە زانیارییەکان بڵاونەکاتەوە و شیکاریی و ڕووماڵیشیان نەکات(ماڵپەری کەرکوك ناو، 2022/9/2).

تۆڕی (نیریج) یەکەم تۆڕی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکارییە لە عێراق، بە هەوڵی دەستەبژێرێک لە ڕۆژنامەنووسانی پرۆفێشناڵی بەدواداچوون لە 9ی ئایاری ساڵی 2011 دامەزراوە، وەك لەماڵپەڕەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە کاری لەسەر دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی تەحریری و دارایی و ڕاوێژکاری کردووە بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراقی تایبەتمەند لەبواری بەدواداچوون بۆ ئەنجامدانی بەدواداچوونی چڕ و پڕ کە پشت دەبەستێت بە گەڕان بەدوای ڕاستییە بەڵگەدارەکان و سەرچاوەی جۆراوجۆری   پەیوەندیدار بۆ بەدواداچوونەکە بەکاردەهێنێت، ئەرکی سەرەکیی نیریج، جگە لە ئەنجامدانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانیی چڕ و پڕ(ماڵپەری تۆڕی (نیریج)، 2022/10/15).

دامەزراوەی (کوردستان24)، دامەزراوەیەکی تایبەت بە توێژینەوە و ڕاگەیاندنە، کەناڵێکی هەواڵ و زانیاریی کوردییە، مەبەستی لە 24 واتە کەناڵیکی هەواڵی 24 کاتژمێرییە، کوردستان 24 لە ئامانجەکانی خۆی دیاری کردووە، لەماڵپەڕەکەیاندا دەڵێن کار دەکەین بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری لێبوردەیی و دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لەڕێکەوتی 2015/10/30 لە شاری هەولێر دەستی بە وەشان کردووە(ماڵپەری کوردستان24، 2022/8/29).

دامـەزراوەی (دیپلۆماتیـک مەگەزیـن)، دامەزراوەیەکـی میـدیای دیجیتـاڵی ئـازاد و سـەربەخۆیە و یەکەمـین دامەزراوەی میـدیایی بنکۆڵکارییە لە هەرێمی کوردستان، وەك لەماڵپەڕەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە، لە ساڵی 2018 دامەزراوە، لە ئامانجەکانی خـۆی دیـاری کـردووە، ئـەم دامـەزراوەیە لەروانـگەی قوتابخـانەی رەخنەیـی بـۆ کولتـوور، فەلسـەفەی میـدیایی خـۆی دارشـتووە. بە ئامـانجی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و گەیاندنی دەنگی چینە لاوازەکانی کۆمەڵگە تێدەکۆشێت، لەرێگەی گەیاندنی زانیاری راست و دروست و ئاشکراکردنی راستییەکان و دروستکردنی ڕای گشتی، لەپێناوی بەهێزکردنـی کـۆمەڵگە لە بەرامبەر دەسەڵات(ماڵپەری دیپلۆماتیك،2022/9/5).

دامەزراوەی (بوار نیوز)، دەزگایەکی میدیایی تایبەت بە هەواڵ و زانیاری و شرۆڤەی تایبەتمەند و جیاوازە، لەماڵپەڕەکەیانـدا دەڵـێن لە مانگی نیسانی ساڵی (2019)دا دامەزراوە(ماڵپەری بوار نیوز، 2022/9/1).

### 2-5- لایەنی شیکاریی نمونەی توێژینەوەکە:

#### 1- یەکەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك:

لەم توێژینەوەیە دوو یەکەی شیکردنەوە دیاریکراون، ئەوانیش:

1) یەکەی بابەت: بابەتەکانی ڕاگەیانـدنی بنکۆڵکـاری: کە لـەم توێژینەوەیـەدا؛ بـریتییە لە ڕاپـۆرت، ڕیپـۆرتـاژ، بەرنامـە، **توێژینـەوەی زانستی و دۆکیۆمێنتاری، لیکۆڵینەوانەی تایبەت کە ڕۆڵیان هەیە لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی.**

2) یەکەی (بیرۆکە): بە واتای هەر بابەتێك باس لە بەرژەوەندی گشتی بۆ سوودی کۆمـەڵگا و دام و دەزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان بکات، یان ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە لەڕووی باسکردنی هۆکار یان چارەسەری قەیرانەکـان، تەنانـەت ئـەو بابەتەنـەش کـە باسی جێبەجێکردنی ئیتیك و بەرپرسیارێتی و ڕۆژنامەوانیی پرۆفیشـناڵ لەسـەر ئاسـتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـات و پەیوەسـتن بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ کراوە.

#### 2- توێژەکانی شیکردنەوە:

توێژەکانی شیکردنەوە، ئەو توێژانەن پەیوەندییان هەیە بە دیاریکردنی چوارچێوەی بابەت، مەبەستیش لێیان هەموو ئەو شتانەن کە یارمەتیدەر دەبن لە دیاریکردنی گرنگیی بابەتەکە و شیکردنەوەی.

توێژەکانی شیکردنەوە دابەش دەبن بۆ دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش:

1) **توێژەکانی شیکردنەوەی (چی گوتراوە)**

ئەو توێژانەی زیاتر گرنگی پێدراوە لـە توێژینەوەکـە، پەیوەسـتن بـە سروشـتی ئـەو ڕاپـۆرت و ڕیپۆرتـاژ و بەرنامـە و لێکۆڵینـەوە و دۆکیۆمێنتاری، زانیارییانەی لەبارەی بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشـتی بڵاوکراونەتـەوە، کـە یارمەتیـدەرن بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـانی تـوێژینەوە و وەڵامـدانەوەی پرسـیارەکان بەشـێوەیەکی زانسـتی و بابەتیـانە، کە ڕێـگە خـۆش دەکـات بـۆ دەرخسـتنی تایبەتمەندی و ئاڕاستە و ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و زانیـاریی پێویسـت بە جەمـاوەر لـە بونیاتنـانی ڕۆژنامـەوان و بەرژەوەنـدیی گشتی.

2) **توێژەکانی شیکردنەوەی (چۆن گوتراوە)**

ئەو توێژانەش پەیوەستن بە شوێن، ڕواڵەت و لایـەنی هونـەری ناوەڕۆکـە بڵاوکراوەکـان کـە دەکرێـت کـاریگەری و مانـای زیاتریـان پێبدات و یارمەتیدەرن بۆ دەرخستنی قەبارە و شێوازی گرنگیپێدانی نموونەی توێژینەوە بە بابەتـەکانی بنکۆڵکـاری بـۆ بەرژەوەنـدیی گشتی، لەم توێژینەوەیەدا توێژەکانی شێوە بریتین لە شێوە، شێوازی ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و بەرنامە و لێکۆلینەوەکان و دۆکیۆمێنتاری، ئەو بوارانەی بەرژەوەندی گشتی کامانەن کە لە ڕێگەی بابەتەکانی بنکۆڵکاری کاریان لەسەر

کراوە لەلایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی نمونەی توێژینەوەکە، بونموونە (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، تەندروسـتی، پەروەردەیی، ئایینی، ژینگەیی، ئاسایش، گەندەڵی لە مولکی و ماڵی گشتی و مافی مرۆڤ و ئازادی و پرسی ژنان، تـاوانی ڕێکخـراو و تیرۆر، ماددەی هۆشبەر، قاچاغ، بازرگانی، وەرزشی و بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی... هتد) کە بابەتـە بنکۆڵکارییـەکان زیـاتر جەختیـان لەسـەر دەکەنەوە، چۆنیـەتی جێبـەجێکردنی بەرپرسـیارێتی و ئیتیکـی کـاری پرۆڤیشـناڵی لـەبواری ڕۆژنامـەوانی، بەرژەوەندییـەکانی فلتـەرکردنی بابەتـەکانی بنکۆڵکـاری، شـێوازی بـەکارهێنانی پێکهاتەکـانی ڕاگەیانـدنی بنکۆلکـاری بـۆ بونیاتنـانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، ئامانجی بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، بەکارهێنانی شێوازی خستنەڕووی باوەڕپێهێنەر

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ توێژەکان بەمشێوەیە دیاری بکەین.

**3-5- پێوەری ڕاستیی و ڕادەی جێگیریی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك:**

توێژەر بۆ پێوانەکردنی ڕواڵەتە دروستی ئەم هەنگاوانەی گرتۆبەر؛

**1**- دانانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆك: فۆرمەکە بە پشتبەستن بە؛ کێشە و ئامانج و پرسیاری توێژینەوەکە ئامادەکراوە.

2- پێوەری ڕاستی: بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕێکخستنی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا و دوای ئامادەکردنی برگەکانی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، بە پشتبەستن بە پێوەری ڕاستی،

لەلایەن (10) [(3*)]پسپۆری ئەکادیمییەوە هەڵسەنگێندرا؛ تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، چەند گوڕانگارییەکیان تێدا کرا، لە بەکارهێنانی هاوکێشەی (197) یەوە ڕادەی دروستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (لە (96.04%)، لە ڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر نمونەی توێژینەوە.

3- ڕادەی جێگری: بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی جێگریی فۆڕمی شیکردنەوە ناوەڕۆك، توێژەر شیکردنەوەی بۆ نموونەی توێژینەوەکە کرد؛ دوای دوو هەفتە لە شیکردنەوەی یەکەم، دووبارە شیکردنەوەی بۆ هەمان ڕێژە کردەوە.

لێرەدا ڕادەی جێگری لەنێوان هەردوو شیکردنەوە گەیشتە (0.96.5)؛ ئەمەش لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

شیکردنەوەی ناوەڕۆک و خستنەڕووی ئەنجامەکان و زانیارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

**4-5- خشتەکانی تایبەت بە (چۆن گوتراوە)**

خشتەی ژمار (1) ناوی دامەزراوەی ڕاگەیاندن و بەرنامە و دۆسیەکانی تایبەت بە بابەتی بنکۆڵکاری

| ژ | ناوی دامەزراوەکان | ناوی بەرنامە و دۆسیەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کەناڵی کوردستان24 | بەرنامەی بنکۆڵ | 30 | %29.71 | یەکەم |
| 2 | ماڵپەڕی کەرکوك ناو | دۆسیەی بەدواداچوون | 28 | %27.72 | دووەم |
| 3 | ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین | بەرنامەی سندوقی ڕەش | 24 | %23.76 | سێیەم |
| 4 | ماڵپەڕی بوارنیوز | دۆسیەی بنکۆڵکاری | 8 | %7.92 | چوارەم |
| 5 | کەناڵی ئین ئارتی | بەرنامەی مەلەف | 6 | %5.94 | پێنجەم |
| 6 | ماڵپەڕی تۆڕی (نیریج) | دۆسیەی بەدواداچوون | 5 | %4.95 | شەشەم |
| | کۆی گشتی | | 101 | %100 | |

* (3) ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندانی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

1. پ.د. هێرش رەسوڵ موارد، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
2. پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵلا، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن / سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
3. پ.د. هێمن مەجید حسن، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
4. پ.ی.د. فۆاد عەلی ئەحمەد، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ کۆلێژی ئاداب/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
5. **پ.ی.د. حەبیب ئیبراهیم مال الله، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن / پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن، زانکۆی: ڕۆر بۆخوم - ئەڵمانیا.**
6. پ.ی.د. رزگار مغدید ئەحمەد، کارگێری- ئابووری/ ئامار/ کۆلێژی کارگێری- ئابووری/ زانکۆی سەڵاحەدین.
7. پ.ی.د. صادق حمە غریب حمە صالح، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر.
8. پ.ی.د. کاروان عەلی قادر، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
9. پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی ، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
10. پ.ی.د. عبدالخالق ئیبراهیم مستەفا، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

خشتەی ژمارە (1) ئەنجامی ژمارەی بەرنامە و دۆسیەکانی بنکۆڵکاری ڕوونیدەکاتەوە، بەپێی ئەنجامەکان "بەرنامەی بنکۆڵ" لەکەناڵی کوردستان 24 بە ڕێژەی (%29.71) لە پلەی یەکەمدایە، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرنامەکە هەفتانەیە، و توانراوە کەناڵەکە لەڕێگەی بەرنامەی ئاماژە بۆ دراوە زۆرترین کاری بنکۆڵکاری بکات.

ئەنجامەکان ئەوەش دەخەنە روو کە "دۆسیەی بەدواداچوون" لە ماڵپەڕی تۆڕی (نیریج)، بە ڕیژەی (%4.95)، لە پلەی شەشەم و کۆتایی دێت، چونکە کات و ساتی پێشکەشکردنی نییە، بەشێوەیەکی قووڵ کار لەسەر بابەتەکانی بنکۆڵکاری دەکات، ئەم ماڵپەرە زیاتر لەسەر ئاستی عێراق کار دەکات، بابەتەکانی زیاتریش بە زمانی عەرەبیە، تەنها لەماوەی چەند ساڵێ ڕابردووە، ئەم پێنج بابەتی بە زمانی کوردی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، بۆیە کەمترین ژمارەی بابەتەکانی بنکۆڵکاری  نموونەی توێژینەوەکە بەرکەوتووە، لە پلەی کۆتاییدایە.

بە ڕێژەی (%27.72)، "دۆسیەی بەداوادچوون"، لە ماڵپەڕی کەرکوك ناو، لە پلەی دووەمدا دێت، چونکە زۆرتر بابەتەکانی بنکۆڵکاری ئەم ماڵپەڕە بە زمانی عەرەبی یاخود لەسەر ناوچەکانیتر عێراق و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستانە.

"بەرنامەی سندوقی ڕەش" لە ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین، بە ڕیژەی (%23.76)، لە پلەی سێیەمدایە، چونکە کات و ساتی پێشکەشکردنی نییە، بەپێی دۆسیە و بابەتەکان بەرنامەکان تۆمار دەکرێت و پێشدەکرێت.

"دۆسیەی بنکۆڵکاری" لە ماڵپەڕی بوارنیوز، بە ڕیژەی (%7.92)، لە پلەی چوارەمدایە، چونکە کات و ساتی پێشکەشکردنی نییە، بەپێی دۆسیە و بابەتەکان بەرنامەکان تۆمار دەکرێن و پێشدەکرێن، تەمەنی ئەم ماڵپەڕەش بەراورد بە نمونەکانی دیکەی توێژینەوەکە کەمترین تەمەنی هەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە ڕیژەی بابەتەکانی بنکۆڵکاری کەمترە.

"بەرنامەی مەلەف" لە کەناڵی ئین ئارتی، بە ڕێژەی (%5.94) لە پلەی پێنجەمدایە، چونکە بەرنامەیەك دوو هەفتە جارێك بوو، تەنها بۆ ماوەی سێ مانگ بەرنامەکە بەردەوامی هەبوو، دواتر بەهۆکارێکی نادیار بەرنامەکە دوای پێشکەشکردنی شەش بابەتی بنکۆڵکاری لە کەناڵی ناوبراو ڕاگیرا.

**خشتەی ژمارە (2) لایەنی بە ئامانجگیراو لە لایەن بابەتەکانی بنکۆڵکاری**

| ژ | لایەنی بە ئامانجگیراو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هاووڵاتیان | 59 | %13.20 | دووەم |
| 2 | فەرمانگە حکومییەکان | 65 | %14.54 | یەکەم |
| 3 | کۆمەڵگە (ئاین و داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی، خێزان) | 36 | %8.5 | چوارەم |
| 4 | کەرتی تایبەت و بازرگانی و پرۆژەکانی وەبەرهێنان | 50 | %11.19 | سێیەم |
| 5 | ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | 19 | %4.25 | هەشتەم |
| 6 | سەرۆکایەتی هەرێم | 9 | %2.1 | یازدەیەم(1) |
| 7 | دادگاکان | 18 | %4.3 | نۆیەم |
| 8 | پەرلەمان | 9 | %2.1 | یازدەیەم(2) |
| 9 | شارەوانییەکان | 24 | %5.37 | حەوتەم |
| 10 | پارێزگاکان | 28 | %6.26 | شەشەم |
| 11 | دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن | 5 | %1.12 | دوازدەیەم(1) |
| 12 | هێزە سەربازی و ئەمنیەکان | 28 | %6.26 | شەشەم |
| 13 | پارتە سیاسیەکان | 31 | %6.94 | پێنجەم (1) |
| 14 | مامۆستا و کەسایەتییەکانی ئایینی | 6 | %1.34 | دوازدەیەم(2) |
| 15 | ئاینەکان | 3 | %0.67 | چواردەیەم(1) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ڕاگەیاندکاران | 3 | %0.67 | چواردەیەم(2) |
| 17 | کەسایەتی نێو سۆشیالمیدیا | 11 | %2.46 | دەیەم |
| 18 | سەرکردە سیاسیەکان | 31 | %6.94 | پێنجەم (2) |
| 19 | نوسەر و ڕۆشنبیر و پسپۆڕانی ئەکادیمی | 5 | %1.12 | سێزدەیەم |
| 20 | ناوەندەکانی خوێندن | 1 | %0.23 | پازدەیەم |
| 21 | وەرزشوانان و ناوەندە وەرزشییەکان | 6 | %1.34 | دوازدەیەم(3) |
| کۆی گشتی | | 447 | %100 | |

خشتەی ژمارە (2) ئەنجامی دابەشی سەر دوو ئاست دەکەین، ئاستی بەرز کە ئاستی یەکەمە؛ "فەرمانگە حکومییەکان" بە ڕێژەی (14.54%) لە پلەی یەکەمدایە، دواتر "هاووڵاتیان" بە ڕێژەی (13.20%) بە پلەی دووەم دێت، پاشان "کەرتی تایبەت و بازرگانی و پرۆژەکانی وەبەرهێنان" **بە ڕێژەی (11.19%) لە پلەی سێیەمدایە، هەروەها کۆمەڵگە "ئاین و داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی، خێزان" بە ڕێژەی (8.5%) بە پلەی چوارەم دێت.**

ئەمەش بەڵگە ئەوەیە کە (فەرمانگە حکومییەکان، هاووڵاتیان، کەرتی تایبەت و بازرگانی و پرۆژەکانی وەبەرهێنان، کۆمەڵگە و ئاین، داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی، خێزان)، ئەم چوار لایەنە، زۆرترین گرینگییان پێدراوە لە بابەتەکانی بنکۆڵکاری نموونەی توێژینەوەکە، کە ئەمانە ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتی هەیە، ئەمەش کارێکی ئەرێنییە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئاستی دووەمدا کە ئاستێکی نزمە کەمترین جار بەئامانجگیراو لەلایەن بابەتەکانی بنکۆڵکاری، ئەوانیش "دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، نوسەر و ڕۆشنبیر و پسپۆڕانی ئەکادیمی" بە ڕێژەی (1.12%) لە پلەی سێزدەیەم دێت، دواتر "ئاینەکان، ڕاگەیاندکا**ران" بە ڕێژەی (0.67%) بە پلەی چواردەیەم دێت، پاشان "ناوەندەکانی خوێندن" بە ڕێژەی (**0.23**%) بە پلەی پازدەیەم و کۆتایی** دێت.

ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنێت؛ کە "دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، نوسەر و ڕۆشنبیر و پسپۆڕانی ئەکادیمی، ئاینەکان، ڕاگەیاندکاران، ناوەندەکانی خوێندن"، کەمترین لایەنە کە بە ئامانجگیراوان لەلایەن بابەتەکانی بنکۆڵکاری نمونەی توێژینەوەکە، ئەمەش بۆئەوەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندکاران شەڕی یەکتر ناکەن، لە هەمان کاتدا پسپۆڕانی ئەکادیمی و ناوەندەکانی خوێندن نوسەر و ڕۆشنبیران پارە و بەرپرسی گەورەی حکومیان لە ئەستۆ نییە بۆئەوەی ببنە ئامانجی بابەتی بنکۆڵکار و سەرچاوەی گەندەڵی، ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان، بە بەردەوامی لەلایەن خەڵك و کۆمەڵگە و حکومەت و نەتەوەی کورد، وەك نەتەوەی سەرەکی هەرێمی کوردستان ڕێزیان لێگیراوە، بۆیە ئەمەش لە کاری بنکۆڵکاری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن چەسپاوە کەمترین جار بە ئامانجگیراوە.

**5-5- خشتەکانی تایبەت بە (چی گوتراوە)**

**خشتەی ژمارە (3) بوارەکانی بەرژەوەندی گشتی،لە بابەتە بنکۆڵکارییانی نمونەی توێژینەوەکە:**

| ژ | بوارەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گەندەڵی لە موڵکی و ماڵی گشتی بەنمونە لە بوارەکانی: (دارایی ئابوری، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، زەوی وزار، وەبەرهێنان، سامان سروشتییەکان). | 13 | %12.87 | دووەم |
| 2 | مافی مرۆڤ و ئازادی و پرسی ژنان | 14 | %13.87 | یەکەم |
| 3 | خزمەتگوزاری گشتی | 6 | %5.94 | شەشەم |
| 4 | ژینگە و ئاو و کەشوهەوا | 9 | %8.91 | چوارەم(1) |
| 5 | کێشەی سیاسی | 3 | %2.97 | هەشتەم(1) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6 | پرسەکانی ئاسایشی نیشتمانی | 0 | %0.0 | یازدەیەم(1) |
| 7 | تەندروستی | 7 | %6.93 | پێنجەم(1) |
| 8 | وەرزشی | 4 | %3.96 | حەوتەم(1) |
| 9 | کێشەی دیجیتاڵی | 7 | %6.93 | پێنجەم(2) |
| 10 | بازرگانی | 9 | %8.91 | چوارەم(2) |
| 11 | تاوانی ڕێکخراو و تیرۆر و مادەی هۆشبەر و قاچاغ | 10 | %9.90 | سێیەم |
| 14 | کێشەی کۆمەڵایەتی | 4 | %3.96 | حەوتەم(2) |
| 15 | ئایینی | 3 | %2.97 | هەشتەم(2) |
| 16 | کێشەی یاسایی و سەختەکاری | 4 | %3.96 | حەوتەم(3) |
| 17 | کەسایەتیەکان ( بەرپرس) | 1 | %0.99 | دەیەم(1) |
| 16 | شوێنە گشتییەکان: بۆ نموونە، شوێنە مێژووییەکان و شوێنەوارییەکان و گەشت و گوزارییەکان) | 0 | %0.0 | یازدەیەم(1) |
| 17 | فەرهەنگی (ڕۆشنبیری و زانستی و زمان ) | 2 | %1.98 | نۆیەم |
| 18 | ناوچە جێناکۆکەکان | 1 | %0.99 | دەیەم(2) |
| 19 | سەربازی | 3 | %2.97 | هەشتەم(3) |
| 20 | کێشە و ڕووداوەکان | 1 | %0.99 | دەیەم(3) |
| | کۆی گشتی | 101 | %100 | |

خشتەی ژمارە (3) ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن بوارەکانی بەرژەوەندی گشتی، لە ڕێگای بابەتەکانی بنکۆڵکاری کاریان لەسەرکراوە، لەلایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی نمونەی توێژینەوەکە، زۆرترین کارکردن کە لـە ئاسـتی یەکـەم دێـن؛ بوارەکـانی "مـافی مـرۆڤ و ئازادی و پرسی ژنان" بە ڕێژەی (13.87%) لە پلەی یەکەم دێن ، دواتر "گەندەڵی لە موڵکی و ماڵی گشـتی" بـە ڕێـژەی (12.87%) لـە پلەی دووەم دێن، پاشان "تاوانی ڕێکخراو و تیرۆر و مادەی هۆشبەر و قاچاغ" بە ڕێـژەی (9.90%) لـە پلـەی سـێیەم دێـن، هـەروەها "ژینگەو ئاو و کەشوهەوا، بازرگانی" بە ڕێژەی (8.91%) لە پلەی چوارەم دێن.

ئاستی دووەم؛ بوارەکانی "تەندروستی و کێشەی دیجیتاڵی" بە ڕێژەی (6.93%) لە پلەی پێنجەم دێن، دواتر "خزمـەتگوزاری گشـتی" بە ڕێژەی (5.94%) لە پلەی شەشەم دێت، پاشـان "وەرزشـی و کێشـەی کـۆمەڵایەتی و کێشـەی یاسـایی و سـەختەکاری" بـە ڕێـژەی (3.96%) لە پلەی حەوتەم دێن، هەروەها "کێشەی سیاسی و ئایینی و سەربازی" بە ڕێژەی (2.97%) لە پلەی هەشتەم دێن.

ئاستی سێیەم؛ بوارەکانی "فەرهەنگی (ڕۆشنبیری و زانستی و زمان )" بە ڕێژەی (1.98%) لە پلەی نۆیەم دێن، دواتر "کەسـایەتیەکان ( بەرپرس)، نـاوچە جێناکۆکەکـان، کێشـە و ڕووداوەکـان" بـە ڕێـژەی (0.99%) لـە پلـەی دەیـەم دێـن، پاشـان "پرسـەکانی ئاسایشـی نیشتمانی شوێنی مێژووییەکان و شوێنەوارییەکان و گەشت و گوزارییەکان" بە ڕێژەی (0.0%) لە پلەی یازدەم و کۆتایی دێن.

ئەنجامەکانی ئاستی یەکەم ئەوە دەسەلمێنێت؛ کە ڕەهەندەکانی بەرژەوەندی گشتی بابەتی بنکۆڵکاری نموونەی توێژینەوەکە گرنگـی تەواوی پێدراوە، ئەمەش دەچێتە چوار چێوەی ئاڕاستەی بابەتی (گرنگ و ئاسان) بۆ کاری بنکۆڵکاری، بـە تایبـەتی بوارەکـانی (مـافی مرۆڤ، گەندەڵی، ژینگەو ئاو کەشوهەوا، بازرگانی، تاوانی ڕێکخراو)، لە ئاستی یەکەم دێن، ئەمەش دەرخەری ئەمـە ڕاسـتییەکە کـە ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاری و دامـەزراوەکانی ڕاگەیانـدن، وەك جێبـەجێکردنی بنەمایـەکی سـەرەکی کـاری بنکۆڵکـاری، کـار لەسـەر دۆسیە و بوارەکانی بەرژەوەندی گشتی دەکەن، چونکە ئەو بوارنـەی ڕەهەنـدی بەرژەوەنـدی هەیـە سـەرچاوەی زانیـاری و بەڵگـەی زیاتری لەسەرە، لە باسی دووەمی بەشی چوارەم لە چاوپێکەوتنەکە کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار و بەرپرسی دامـەزراوەکانی نموونەی توێژێنەوەکە ئەنجامدراوە، ئەوانیش دەڵێت "ئامانج و تەرکیزی سـەرەکی کـارکردنی ئێمـە لـە بابـەتی بنکۆڵکـاری، بـۆ ئـەوە بابەت و دۆسیەیانە کە ڕەهەندی بەرژەوەندی گشتیان هەیە".

ئەنجامەکانی ئاستی دووەم بەڵگەیە بۆئەوەی؛ بوارەکانی (تەندروستی و کێشەی دیجیتاڵی، خزمەتگوزاری گشتی، کێشەی سیاسی و ئایینی و سەربازی، وەرزشی و کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی یاسایی و سەختەکاری)، تاڕادەیەك لە بابەتی بنکۆڵکاری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی نموونەی توێژینەوەکە گرنگی پێدراوە، ئەمە ڕەنگە بۆ هۆکاری ئەوە بگەڕێتەوە کە هەندێك بوارەکان تایبەتمەندی جەماوەری و کەسی هەیە، کارکردن تێدایە دەچێتە ئاراستەی (گرنگ و قورس)، سەرچاوەی زانیارییەکان وەك بابەتەکانی ئاستی یەکەم زۆر بەردەست نییە.

ئەنجامەکانی ئاستی سێیەم؛ ئەوە دەسەلمێنێت؛ ؛ بوارەکانی (فەرهەنگی، کەسایەتیەکان، ناوچە جێناکۆکەکان، ڕووداوەکان پرسەکانی ئاسایشی نیشتمانی شوێنی مێژووییەکان و شوێنەوارییەکان و گەشت و گوزارییەکان)، ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی نموونەی توێژینەوەکە، کەمتر درك یان بەو بوارانە کردووە، بۆ کاری بنکۆڵکاری یاخود بەهۆی نەبوون و دەستنەکەوتنی زانیاری لە سەر دۆسیەی ئەم بوارانە، ڕۆژنامەنووسەکان خۆیان بەدوورگرتووە، چونکە هەندێك بوار لەمانە بەپێی یاسا بڵاوکردنەوەی زانیاری لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن قەدەغەیە، هەندێکیش بابەتی کەسییە ڕەهەندی گشتی نیە، ڕەنگە هەندێك لای ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار (کەم گرنگ و قورس) بێت کارکردن لەسەریان، بەهۆی جێبەجێنەکردنی یاسایی مافی بەدەستهێنانی زانیاری، ژمارە 11ی ساڵی 2013ی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی ژمارە (4) ئامانجەکانی فلتەرکردنی بابەتەکانی بنکۆڵکاری**

| ژ | بەرژەوەندییەکانی فلتەرکردنی بابەتەکانی بنکۆڵکاری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرژەوەندی گشتی | 33 | %27.73 | دووەم |
| 2 | بەرژەوەندی دامەزراوەکە | 7 | %5.88 | پێنجەم |
| 3 | بەرژەوەندی خودی ڕۆژنامەنووسەکە (کەسی) | 3 | %2.52 | حەوتەم |
| 4 | بەرژەوەندی سیاسی | 1 | %0.84 | هەشتەم(1) |
| 5 | بەرژەوەندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ( ئادابی گشتی) | 27 | %22.69 | سێیەم |
| 6 | بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتیمانی | 5 | %4.20 | شەشەم |
| 7 | بەرژەوەندی ئابوری | 1 | %0.84 | هەشتەم(2) |
| 8 | بەرژەوەندی تایبەتی سەرچاوەکە | 34 | %28.57 | یەکەم |
| 9 | بەرژەوەندی تەندروستی گشتی | 8 | %6.73 | چوارەم |
| | کۆی گشتی | 119 | %100 | |

خشتەی ژمارە (4) ئەنجامەکان ئەو پیشاندەدەن، بەرژەوەندییەکانی فلتەرکردنی بابەتەکانی بنکۆڵکاری، "بەرژەوەندی تایبەتی سەرچاوەکە" بە ڕێژەی (28.57%) لە پلەی یەکەمدایە، دواتر "بەرژەوەندی گشتی" بە ڕێژەی (27.73%) لە پلەی دووەم دێت، پاشان " بەرژەوەندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و (ئادابی گشتی)" بە ڕێژەی (22.69%) لە پلەی سێیەمدایە، هەروەها "بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری" بە ڕێژەی (0.84%) هەردووکەیان بەیکەوە لە پلەی هەشتەم  و کۆتایی دێن.

ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنێت؛ کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕێگای بابەتەکانی بنکۆڵکاری ڕەچاوەی بەرژەوەندییەکانی بە ڕێژەیەکی بەرز کردووە، لە ڕووی بەرژەوەندی (کەسی، گشتی، کۆمەڵایەتی)، ئەمەش بەڵگە ئەوەیە؛ لەکاتی بڵاوکردنەوەی فلتەری بابەتەکانی بنکۆڵکاری بەڕێژەیەکی باش کراوە. بەڵام بەرژەوەندییەکانی فلتەرکردنی بابەتەکانی بنکۆڵکاری، لە ڕووی بەرژەوەندەکانی ( تەندورستی و دامەزراوەکە، ئاسایشی نیشتیمانی، ڕۆژنامەنووسەکە، سیاسی و ئابوری)، بەڕێژەیەکی کەم لە پەخش و بڵاوکراوەکانی بابەتی بنکۆڵکاری نموونەی توێژینەوەك فلتەر کراوە.

**خشتەی ژمارە (5) ئامانجی بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری**

| ژ | ئامانجی بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سوودگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی | 67 | %10.91 | سێیەم |
| 2 | کارکردن بۆ ئاسانکردنی ژیان | 65 | %10.59 | پێنجەم |
| 3 | بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی | 70 | %11.40 | دووەم |
| 4 | هۆشیارکردنەوەی تاك و كۆمەڵ | 60 | %9.77 | شەشەم |
| 5 | ئاشکراکردنی ئابڕوچونەکان (سکانداڵ) | 8 | %1.30 | دوازدەیەم |
| 6 | دروستکردنی ڕای گشتی | 66 | %10.75 | چوارەم |
| 7 | دەرخستنی هەڵەو کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە | 43 | %7 | حەوتەم |
| 8 | ئاشکراکردنی ڕاستیی و نهێنییە شاراوەکان | 40 | %6.52 | هەشتەم |
| 9 | دەرخستنی گەندەڵی | 26 | %4.23 | یازدەیەم |
| 10 | دەرخستنی هەڵەو کەموکوڕییەکانی فەرمانگەکانی حکومەت | 39 | %6.35 | نۆیەم |
| 11 | جێبەجێکردنی بەرپرسیاێتی کۆمەڵایەتی لەڕاگەیاندنەکاندا | 95 | %15.48 | یەکەم |
| 12 | یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی دیموکراتی | 35 | %5.70 | دەیەم |
| | کۆی گشتی | 614 | %100 | |

خشتەی ژمارە (5) ئەنجامەکان ئاماژەن؛ ئامانجی بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، کە "جێبەجێکردنی بەرپرسیاێتی کۆمەڵایەتی لەڕاگەیاندنەکاندا" بە ڕێژەی (15.48%) لە پلەی یەکەمدایە، دواتر "بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی" بە ڕێژەی (11.40%) بە پلەی دووەم دێت، پاشان "سوودگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی" بە ڕێژەی (11.40%) لە پلەی سێیەمدایە، هەروەها " ئاشکراکردنی ئابڕوچونەکان " بە ڕێژەی (1.30%) بە پلەی دوازدەیەم کۆتایی دێت.

ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنێت؛ کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری وەك کارێکی ڕاگەیاندن، جگە لە چەندین ئامانجی گشتی، ئامانجی تایبەتی بە خۆی هەیە، لە ڕێگای بابەتەکانی بنکۆڵکاری هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، لەم ڕوانگەیەوە ئەو ئامانجانەی بۆ توێژینەوەکە دیارکراون بەدەستهاتوون، لە گرنگترین ئەو ئامانجانەیە کە بابەتی بنکۆڵکاری نموونەی توێژینەوەکە هەواڵی بەدەستهێنانی داوە کاری بۆکردووە لە پلەندی بە پێشەوە، لێرەوە دەکرێت بڵێین کە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و جێبەجێکردنی بەرپرسیاێتی کۆمەڵایەتی لەڕاگەیاندنەکاندا، سوودگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی ودروستکردنی ڕای گشتی، بنەمای سەرەکی کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری توێژینەوەکە، کەوا بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دامەزاوەکانی ڕاگەیاندنی نموونەی توێژینەوەکە بێ ئامانج نەبوونە، ئامانجی خۆیان دیاریکردووە، وە تاڕادەیەك باش و بە ڕێژەی جیاواز کاریان بۆ بەدەستهێنانی کردووە، بە ئامانجیش کاریان لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی کردووە.

**خشتەی ژمارە (6) بەهای چەمکە بەکارهاتووەکان لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری**

| ژ | بەهای چەمکە بەکارهاتووەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆفێشناڵی | 89 | %9.8 | پێنجەم |
| 2 | بەرپرسیارێتی | 94 | %9.59 | سێیەم(1) |
| 3 | ئێتیك | 96 | %9.80 | دووەم(1) |
| 4 | بەرژەوەندی گشتی | 97 | %9.90 | یەکەم |
| 5 | ڕاستگۆیی | 94 | %9.59 | سێیەم(2) |
| 6 | نیشتیمانپەروەریی | 37 | %3.78 | نۆیەم |
| 7 | زانست | 19 | %1.94 | سێزدەیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | کۆمەڵایەتی | 39 | %3.98 | دەیەم |
| 9 | دڵسۆزی لە کاردا | 96 | %9.80 | دووەم(2) |
| 10 | بەشداریکردنی کارا | 91 | %9.28 | چوارەم |
| 11 | پارێزگاریکردن لە مولك و مافی گشتی | 59 | %6.2 | حەوتەم |
| 12 | سەروەری یاسا و یەکسانی و دادپەروەری | 60 | %6.12 | شەشەم |
| 13 | ئازادییە کەسییەکان | 35 | %3.57 | یازدەیەم |
| 14 | پاراستنی مافەکانی مرۆڤ | 41 | %4.18 | هەشتەم |
| 15 | دیموکراسی | 33 | %3.37 | دوازدەیەم |
| کۆی گشتی | | 980 | %100 | |

خشتەی ژمارە (6) ئەنجامەکان ئەو پیشاندەدەن؛ بەهای چەمکە بەکارهاتووەکان لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، لەم شیکردنەوەیە دابەشی سەر سێ ئاست کراوە.

لە ئاستی یەکەم؛ " بەرژەوەندی گشتی" بە ڕێژەی (9.90%) لە پلەی یەکەمدایە، دواتر "ئیتیك و دڵسۆزی لە کاردا" بەیەکەوە بە ڕێژەی (9.80%) بە پلەی دووەم دێن، پاشان "بەرپرسیاریتی و ڕاستگۆیی" بە ڕێژەی (15.36%) لە پلەی سێیەم دێن، هەروەها "بەشداریکردنی کارا " بە ڕێژەی (9.64%) بە پلەی چوارەم دێت، ئینجا "پرۆفێشناڵی" بە ڕێژەی (9.8%) بە پلەی پێنجەم دێت.

بەهای چەمکە بەکارهاتووەکان لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، لە ئاستی دووەم کە لە ئاستی ناوەڕاست پێکهاتووە بەشێوەیە؛ "سەروەری یاسا و یەکسانی و دادپەروەری " بە ڕێژەی (6.12%) لە پلەی شەشەم دێن، دواتر " پارێزگاریکردن لە مولك و مافی گشتی " بەیەکەوە بە ڕێژەی (6.2%) بە پلەی حەوتەم دێت، پاشان " پاراستنی مافەکانی مرۆڤ" بە ڕێژەی (4.18%) لە پلەی هەشتەم دێت، هەروەها " نیشتیمانپەروەریی" بە ڕێژەی (3.78%) بە پلەی نۆیەم دێت، ئینجا " بەهای کۆمەڵایەتی" بە ڕێژەی (3.98%) بە پلەی دەیەم دێت.

بەهای چەمکە بەکارهاتووەکان لە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری، لە ئاستی سێیەم، بەها و چەمکەکان لەم ئاستە کەمترین گرنگیان پێدراوە بەشێوەیە؛ "ئازادییە کەسییەکان" بە ڕێژەی (3.57%) لە پلەی یازدەیەمدایە، دواتر "دیموکراسی" بە ڕێژەی (3.37%) بە پلەی دوازدەیەم دێت، پاشان "زانست" بە ڕێژەی (1.94%) لە پلەی سێزدەیەم و کۆتایی پلەبەندیەکە دێت.

ئەنجامەکان ئەوە دەریدەخات؛ بەهای چەمکە بەکارهاتووەکان لە خشتەدایە بنەمای سەرەکی بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، تایبەتمەندی سەرەکی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریش ڕەچاوکراوە، کە بەرژەوەندی گشتییە، ئەمەش سەلمێنەری سەرەکی بابەتی بنکۆڵکارییەکانە. بۆیە ئەنجامەکان ئەو دەردەخەن، کە بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری نموونەی توێژینەوەکە ڕۆڵی کارایان هەیە بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، بەهۆی جێبەجێکردنی ئەم بەهایان لە خشتە دیاریکراوە، ئەمەش لایەنێکی ئەرێنییە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ بابەتی بنکۆڵکاری، چونکە ئەم بەهایان بنەمای سەرەکی کاری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکارین.

**6- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار و سەرچاوەکان:**

**6-1- دەرئەنجامەکان:**

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لە توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون، ئەمانەن:

1- لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ئەو بوارو لایەنی لە بابەتی بنکۆڵکاری بەئامانجگیراون زیاتر لە بوارەکانی؛ فەرمانگە حکومییەکان، هاووڵاتیان، کەرتی تایبەت و بازرگانی و پرۆژەکانی وەبەرهێنان بوونە،کە زۆرترین جار بە ئامانجگیراون.

2- ڕەهەندەکانی بەرژەوەندی گشتی لە بابەتی بنکۆڵکاری دامەزاوەکانی ڕاگەیاندن گرنگی تەواوی پێدراوە.

3- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕیگای بابەتەکانی بنکۆڵکاری ڕەچاوەی بەرژەوەندییەکانی بە ڕێژەیەکی بەرز کردووە.

4- له بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دامەزاوەکانی ڕاگەیاندن ئامانجی خۆیان دیاریکردووە، بە ئامانجیش کاریان لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی کردووە.
5- بابەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری نموونەی توێژینەوەکە ڕۆڵی کاراییان هەبووە بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

**2-6- پێشنیارەکان:**

1- توێژینەوەکردن لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم کەمی گەشەکردنی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستان
2- توێژینەوەکردن دەربارى کەمی کاریگەری ناوەندە ئەکادیمییەکان لەسەر ئایندەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
3- ڕێکخراوە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵی کاریگەرییان هەبێ لە گرنگیدان بە گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لە ڕیگای کردنەوەی خولی جیاواز بۆ ڕۆژنامەونووسان و پشتیوانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان.
4- ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاری پێویستە ڕەهەندەکانی؛ بەرپرسیاێتی و ئیتیك و پرۆفیشناڵ و بەرژەوەندی گشتی بکەن بنەمای کارەکانیان بۆ زیاتر گەشەکردنی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
5- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر بنەماکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستان بکەن.
6- دەسەڵاتەکان هاوکاربن بۆ گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

**3-6- سەرچاوەکان:**


- محێدین، ج،ج. (2022) ئاستەنگەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆکانی گەشەکردنی، (گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، سلێمانی، ژمارە(4).
-محمدامین،ڕ،ع.(2022) کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
-نانەوازدە،ع. (2005) فەرهەنگی کوردی هەرمان، بەرگی دووەم، چ2، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
-مولود، م، خ. (2022) وانەی ڕاگەیاندنی بەدواداچوون، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر؛ کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن قۆناغی سێیەمی – ئێواران.
- رەسول، ه . (2016) الوظيفة الرقابية للصحافة، مكتبة زين الحقوقية، بيروت.
-حمەساڵح، ئا، (2014) هونەری بنکۆڵکاری لەکاری رۆژنامەوانیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (33_34)، هەولێر.
-محرز،ى. و ايناس، غ.(2016) دليل صحافة استقصائية من اجل التنمية، مؤسسة فريدريش ايبرت، مصر.
-صادق، ا، م. (2018) العومل المؤثرة مستويات أداء الصفيين لاستقصائيين العربى، دراسة مسحيه للقائم بالإتصال، كلية الاعلام، جامعة بغداد، غشر منشورة.
-ق، أ، م. (2018) ضمير الصحافة، مكتبة جزيرة الود، ط2، القاهرة.
-للامم المتحدة، ب، ن، ع. ( بدون سنة) الصحافة الاستقصائية و دورها في منع الفساد و مكافحته، (UNDP-IRAQ).
-مروة، ع. (2014) الاخلاقيات التصوير السرى وكيفية التخطيط الجيد، ورشة عمل في ملتقى شبكة أريج السنوى السابع للصحفيين الاستقصائين العرب، عمان.
-الحمدانى، ب، ح. (2012) التغطية الصحفية الاستقصائية، عمان.
-الانصارى، ح،خ،أ. ( 2012) مضامين التحقيقات التلفزيونية الاستقصائية في القنوات الأجنبية الناطقة باللغة العربية، دراسة تحليلية للقضايا العربية، رسالة ماجستير، غيرمنشورة، كلية الاعلام، الجامعة العراقية، بغداد.
-نوح، س.( 2015) بوابة الاستقصاء الصحفى، بغداد،المنهج التدريبى للشبكَ العراقية للصحافة الاستقصائية نيريج، بغداد.
-..................،( 2015) دەروازی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری، چاپخانەی کارۆ، هەولێر.
-هيرش، س. ت، الآزرقي، م، ج.( 2019) مذكرات صحفي استقصائي، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.
-موسا.ڤ.ج. (2022) دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەری بلاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.
-بهوال، ش. ( 2020) ماهية الصحافة الاستقصائية، مطبعة الجامعة، الجزائر.
-الدليمى، ع. (2019) الصحافة الاستقصائيه، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان.
-.....................، (2015) الصحافة الاستقصائيه، الاردن،دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان.
-الربيعى، م. (2016) ورشة عمل حضرها الباحث عن اليات ممارسة الصحافة الاستقصائية، بغداد.
-السنجري، ب، د. (2015) بشرى داود صناعة التحقيقات التلفزيونية الاستقصائية، دار الكتاب الجامعي, القاهرة.
-تقي، ط. (2022) الصحافة الاستقصائية، هي مراقبة الحكم المحلي و مراقبة الفساد، (جريدة المدى، العراق العدد2022،2179).

-السعافين، ع. (2011) كيف تصبح مراسلا تلفزيونيا، دارالشرق للنشر و التوزيع.
-الحسن،ع. (2012) الصحافة الاستقصائية مهنة المتاعب والأخطار، الاردن.
-سبع،ب،د. (2019) بشرى دواد سبع، (أساليب معالجة الاعلامية للقضايا السياسة في البرامج الاستقصائية برنامج ماخفى أعظم من قناة الجزيرة انموذجا، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد3، العدد12، شبكة ISSNالدولية بباريس).
-هنتر، م. و فودة، ى. و ثوردسن،ب. ... (2017) على درب الحقيقة، دليل أريج للصحافة الاستقصائية العربية، ط3، عمان، 2017.
-غيشان، ن. (2013) نبيل غيشان، على درب الحقيقة، بغداد، د.ت، الاردن.
-يعقوب، م، م. (1998) القاموس المحيط، مطبعة الرسالة، دمشق.

-George, A. (2012) important of journalism, London.

-Nisar, A.(2021) Nation and Journalism, London.

-Carson, A, L.(2017) Investigative Journalism the Public Shepher and Democracy,2017, https://www.routledge.com(accessed /16/1/2 2022).

-Caplan, G.(2007) Walking the Road to Genocide, in A. Thompson, (ed) The media, London: e-book.

-Kaplan, D. (2013) Global Investigative Journalism, Strategies for support, 2nd Edition.

-EFJ. (2017) which are challenges and solution for public service media, London

-Frence, H. and agens, G. (2019) Public Service Media at a Crossroads, Newcastle

-Iggers, J. (1996) BAD NEWS Journalism Ethics and the Public Interest.

-Aveek, P, C. (2021) Acareer in Journalism in India Course scope and salary, Newdelhi.

-Darko,S ,A, (2020) Investigative journalism in Ghana: balancing public interest and individual privacy, SamuelAppiah Darko, University of Professional Studies, Accra.

-Guo, W,CH and Lai,F ,CH ,( 2014) Media bias, slant regulation, and the public-interest media, Springer-Verlag Wien, 2014.

-ماڵپەری بوار نیوز. (2022) دەزگای میدیایی بوار، ڕێککەوتی سەردانیکردن، 2022/9/1، https://bwar.news/index.php?per=pages&pewakra.
-ماڵپەری دیپلۆماتیك. (2022) دیپلۆماتیک مەگەزین، ڕێککەوتی سەردانیکردن، 2022/9/5،.https://diplomaticmagazine.net/about
-ماڵپەری کەرکوك ناو. (2022) دامەزراوەی میدیایی(KirkukNow) ، ڕێککەوتی سەردانیکردن، 2022/9/2، .https://www.kirkuknow.com/ku/about
-ماڵپەری کوردستان24. (2022) دەربارەی24Kurdistan، ڕێککەوتی سەردانیکردن، 2022/8/29، https://www.kurdistan24.net/ckb/about
-ماڵپەری تۆڕی (نیریج). (2022) nirij، ڕێککەوتی سەردانیکردن، 2022/10/15، shorturl.at/aeoAI.
-دیجیتاڵ میدیای ئێن ئار تی. (2022) دامەزراوەی میدیایی نالیا، ڕێککەوتی سەردانیکردن، 2022/8/31، https://www.nrttv.com/About.

**دور الإعلام الاستقصائي في تجسيد أبعاد صحافة المصلحة العامة في إقليم كوردستان**

**أرشد خليل أسعد**
قسم الإعلام ، كلية الآداب،جامعة صلاح الدين - أربيل
Arshad.asaad@su.edu.krd

**نازاكات حسين حمه سعيد**
قسم الإعلام ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية
Nazakat_72@yahoo.com

**اراز رمضان احمد**
مديرية الاعلام ، رئاسة جامعة رابرين
araz.ahmad85@uor.edu.krd

**ملخص**

تبحث هذه الدراسة في دور الإعلام الاستقصائي في بناء صحافة المصلحة العامة ، وهو شكل جديد وفعال اليوم وله تأثير مهم على المصلحة العامة ، والأخلاق العامة ، والصالح العام ، وتحقيقات الخدمة الإنسانية من أجل عكس أبعاد المصلحة العامة للصحافة.

هذه الدراسة عبارة عن بحث تحليلي يتم فيه استخدام طريقة تحليل المحتوى ، ومثال البحث يتضمن الجانب التحليلي مواضيع القنوات الفضائية (كوردستان 24 و NRT) المواقع الالكترونية دبلوماتيك مكزين، بوار نيوز، نيريج، كركوك ناو).

هناك (101) محتوى استقصائي تم تحليلها في جميع المؤسسات الإعلامية الستة. الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو معرفة علاقة ودور وسائل الإعلام الشعبية في بناء صحافة المصلحة العامة في إقليم كوردستان.

وأظهرت نتائج الدراسة، حددت المؤسسات الإعلامية في عينة الدراسة أهدافها في القضايا الإعلامية الأساسية ، وعملت على تحقيقها بشكل جيد نسبيًا وبدرجات متفاوتة ، وعملت على المبادئ الأساسية لصحافة المصلحة العامة.

**الكلمات المفتاحية:** الاعلام الاستقصائي و الصحافة المصلحة العامة، التجسيد، الأبعاد و إقليم كوردستان.

**The role of investigative media in providing dimensions of public interest journalism in the Kurdistan Region**

**Arshad Khaleel Asaad**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
Arshad.asaad@su.edu.krd

**Nazakat Hussein Hama Saeed**
Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University
Nazakat_72@yahoo.com

**Araz Ramazan Ahmad**
Directorate of Media, Presidency, Raperin University
araz.ahmad85@uor.edu.krd

**Abstrac**

This study examines the role of investigative media in building public interest journalism, which is a new and effective form today and has an important impact on public interest, public ethics, public good and human service. This study examines the important dimensions of public interest journalism, including social responsibility, ethics and professionalism, and then the impact of : Investigative media in building public interest journalism.

This research is an analytical research in which the method of content analysis is used. Examples of analytical research include research articles in Kurdistan 24 and NRT and websites and websites (Diplomatic Magazine, Bowar News, Nerij and Kirkuk Naw). The total number of articles analyzed in all six media institutions is 101 articles. The main objective of this study is to find out the relationship and role of grassroots media in building public interest journalism in the Kurdistan Region.

The results of the study showed that,The media institutions in the sample of the study have defined their goals in : Investigative media issues, and have worked to achieve them relatively well and to varying degrees, and have worked on the basic principles of public interest journalism.

**Keywords:** Investigative Media and Public Interest Journalism, Embodiment and Dimensions, Kurdistan Region.